سێ کات -سێ ماوە- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان دەکرد کە نوێژی تێدا بکەین، یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین

لە عوقبەی کۆری عامری جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سێ کات -سێ ماوە- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان دەکرد کە نوێژی تێدا بکەین، یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین: کاتێک خۆر خەریکە هەڵدێت ودەردەکەوێت هەتا بە تەواوی لە ئاسمان دیار دەبێت، وکاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانداید (لە نیوەڕۆدا) هەتا خەریکە لار دەبێتەوە (بەرەو ڕۆژئاوا)، وکاتێک خۆر خەریکە ئاوا دەبێت هەتا بە تەواوی دیار نامێنێت (هەتا خۆر بە کاملّی ون وئاوا دەبێت)».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ئەنجامدانی نوێژی سونەت لە سێ کاتدا، یان ناشتن و لەگۆڕدانانی مردوو لەو کاتانەدا، ئەم سێ کاتەیش بریتین لە: یەکەم: کاتێك خۆر دەردەکەوێت، ئەمیش سەرەتای کاتی دەرچوونی دەگرێتەوە کە بەرز دەبێتەوە لە ئاسمان هەتاوەکو دەگات بە ئەندازەی درێژی ڕمێك، ئەم ماوەیەی کە نەهی لێکراوە بە مەزندە نزیکەی پانزە خولەك دەکات لە پاش دەرچوونی. دووەم: کاتێك خۆر دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاسمان، وهیچ شتێك لە ژێریدا سێبەری نابێت نە بە لای ڕۆژهەڵات ونە بە لای ڕۆژئاوا هەتاوەکو لە نیوەی ئاسمان لادەدات، وسێبەری شتێك دەردەکەوێت بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات کە ئەمیش کاتی دەستپێکردنی نوێژی نیوەڕۆیە، ئەم ماوە نەهی لێکراوە کە خۆر دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاسمان بە پێنج خولەك مەزەندە دەکرێت. سێیەم: کاتێك خۆر لار دەبێتەوە وبەرەو ئاوابوون دەچێت لەکاتی خۆرئاوابووندا هەتاوەکو بە تەواوی دیار نامێنێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10604